## گەلای کوردی لە دانمارک

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باکوری ئەورپا و رێکخەری حکومەتی هەرێم لە دانمارک بۆ یەکەم جار گەلایەکی قەشنگی لە هۆڵی ئۆپێرای دانمارک سازدا. شایانی باسە بەرێز وەزیری وەرزش و لاوانی کوردستان(تەها بەرواری) و چەندین کەسایەتی سیاسی و هونەری و دۆستی کورد و نوێنەری پارتە دانمارکی و کوردی و ئێراقیەکان و رەوەندی کورد لە دانمارک میوانی ئەم ئێواریە بوون.
سەرەتایی ئەم ئاهەنگە بە نیشاندانی کارە هونەریەکانی هونەرمەندی بەتوانا (نیاز بەیاتی) بوو. ئەستێرەی ناوداری کۆمیدی سویدی (ئۆز نۆژەن) و خاتوو (هانا) بەرێوبەرانی سەر شانۆ بوون، هەروەها دەنگ و ئاوازی هونەرمەندانی لێهاتوو خاتوو تارا جاف و گۆران ئیبراهیم و باخان سەلاح هێندەی تر ئەم ئێوارەیەیی رازاندبۆوە هەردوو کیژە لاوی کورد (دلۆڤ بەختیار) و (ئاڵێ گۆران) بەگۆرانیەک ئامادەبوانیان زیاتر دڵخۆش کرد.
مەبەست لەم گەلایە رێزلێنان و خەڵات کردنی کوردو دۆستی کوردی ئەمساڵ بوو، کە بەم شێوەیەیی لای خوارەوە خەڵاتەکان پێشکەشکرا، خەڵاتی کوردی ساڵ لە دانمارک بەخشرایە خاتوو (ئۆزلێم چکیک) ئەندامی پەرلەمانی دانمارک. خەڵاتی دۆستی کورد لە دانمارک بەخشرایە خاتوو (ئان سمیچ) سەرۆکی رێکخراوی(کێر فۆر یو) خەڵاتی شانازی (فەخری) دۆستی کورد لە دانمارک بەخشرایە بەرێز (سورێن سوێنەگۆرد) ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا.

جێگایی خۆیەتی دەست خۆشی لە ستاف و رێکخەرانی گەلای کوردی لە دانمارک بکەین، بۆ هەموو ئەو ماندوو بوونە. چالاکیەکانی ئەم گەلایە تەنیا لەلایان کەناڵەکەمانەوە (کوردان تی ڤی) لە دانمارک وێنەیی گیراوە و بەم نزیکانە چ لە رێگایی کەناڵ کۆبنهاگن و چ لە رێگایی ماڵپەرەکەمان پەخش دەکرێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com